کوردایەتی – بەشی چوارەم … جیهاد محەمەد

فیودالی کوردایەتی

بە درێژایی خەبات و تێکۆشانی میللەتی کورد، لە هەر چوارپارچەی کوردستاندا، ـ جگە لە بیری عەبدوڵا ئۆجەلان و لەم چەند ساڵەی دوایشدا بیری پێدەڵێ لە رژێماوادا ـ فیوداڵەکان سەرکردایەتی و ڕابەرایەتی ئەم خەبات و تێکۆشانەی کوردایەتیان کردووە، ئەگەر حیزبەکیش یان چەند حیزبەکیش، کە کۆمۆنیست خوێندەوار دایانمەزراندبێت بە ناوی درێژەدان بە هەمان خەبات و تێکۆشان بە سەندنی مافی نەتەوەیی گەلی کورد، هەمان عەقڵیەتی فیوداڵیەتیان هەبووە. فیوداڵەکان، شێخ و مەلاکان، یان ئەفەندیەکان هەمان عەقڵیەت و بیرکردنەوەی دژبەگایەتیان هەبووە. ئەوە ئاشکرایە لە دەستپێکی (شەشی) ئەیلوول ١٩٦١، بە ڕابەرایەتی مەلا مستەفای بارزان، فیوداڵەکانی دژ بە یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ژمارە ٣٠ ساڵی ١٩٥٨ ڕاپەڕین و هەزی چەکداریان کەردەوە لە ژێر ناوی سەندنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد. تەنانەت باڵی مەکتەبی سیاسی هەمان حیزب(پارتی دیموکراتی کوردستان)، بە بە ڕابەرایەتی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی، لەگەڵ ئەوەی خەیان بە شاری و شارستانیی دەناسند، لەگەڵ ئەوەی ڕوویان کردبووە بیری ماوتسی تۆنگ و پێیوەندیەکی باشیان لەگەڵ حیزبی تووەی ئیرانیدا هەبوو، وایان پیشان دەدا، کە تەبەنی بیری چەپ و چەپڕەویی دەکەن، بەڵام بە هەمان ڕەفتار و کرداری فیوداڵانەی بارزانی و (شەش)ی ئەیلوول ڕابەرایەتی هەزە چەکداریەکەی خەیان دەکرد.

ئەم فیوداڵانەی کوردایەتی، ئەو کاتانەی دەنگی خەیان بەرزدەکردەوە و دەستیان دەکرد بە نەک نەتەی نژاد پەرستی و ڕەگەزپەرستیی و دیماگۆگییانە خەڵکیان لە دەوری خەیان کۆدەکردەوە و خوتووکەی هەستی نەتەوەیی خەڵکیان دەدا، دژ بە هاوبیرەکانییان و هاو مەنتالیەت و عەقڵیەتی حوکمڕانە شۆڤێنیەکانی بەغدا وەک سەدام و مالکی و عەبادی، یان حوکمڕانەکانی تر لە سوریا و تورکیا و ئێراندا، لە بچووکترین دەرفەتی هەستکردن بە هەڕز و دەسەڵات، هەمان ڕەفتار و کرداری حوکمڕانە چەوسێنەرەکانی گەلی کوردیان دەکرد بەرامبەر بە خەڵکە ستەمدیدەکەی، کە کردبوونیان بە سووتەمنی هەزە چەکدارەکانیان. وەک پاوەڕی لە کتێبی(پەداگۆگی

ستەملەکراوان)دا، ئاماژە دەدات بە ناشۆشگۆبوونی ئەم جۆرە لە شەرش، پەروەردە شۆشگۆبوونی ئەم ناشەرشگەرانە ئەوە بوو، کە هەموو خەڵکی کوردستانیان بە نەزان و بە سەلیقە و نەخوێندەوار و گەل تەماشا دەکرد، خۆشیان بە زانا و دانا و تێگەیشتوو لە ماف و چەمکی مافی چارەنووس و ئازادی و سەربەخۆیی دەزانی، بۆیە بە هیچ جۆرێک دیالۆگ و دیبەیتیان لەگەڵ خەڵکدا نەدەکرد، بەڵکو خەڵکیان فێری ئەوە کردبوو، کە بەدەنگ و گوێایەڵانە دوایانکەون و هیچی تر.

ئەگەر بە وردی سەیری ئەدەبیات و نووسین وکتێب و بیرۆڕیەکانی ئەم فیوداڵانە بکەین، لە ماوەی سەد ساڵ زیاتری خەباتی میللی گەلی کوردا، بە دەگمەن نووسین و کتێب و بابەتی فکریان هەبووە. ئەوەی کە هەیانبووە تەنها نووسینی بیرۆڕیەکانیانە و هیچی تر، هەڵبەت ئەگەر هۆشیان بووبێت، کە بە گومان لێرەو و لەوە هەندەکیان بابەتی فکری و تیۆریایی شۆرشگێڕیان هەبووە، وەک نۆشیران مستەفا و قاسم لە و جەلال تاڵەبانی، بەڵام نەیانتوانیوە پراکتیکەی ئەو بیر و بۆچوونە شۆشگێڕیە بکەن، چونکە وەک نووسین نووسیوانن، مێنتاڵیتەتە فیوداڵیەکەیان، دەستاخوازیەکەیان ڕەگەی پێنەداون پراکتیزەی کەمترین ئاستی تیۆریای شۆرشگێڕیی بکەن.

هەموو بیرۆڕیەکانی سەرکردە دیارەکانی ئەم بزووتنەوە چەکداریانەی کوردایەتی، پێتی لە باسی قارەمانێتی و پاڵەوانێتی و داستانی دەگمەن لە شۆڕشکانیاندا دژ بە دەستاتە حکومەتانە شۆڤێنیەکان، خەی لە خەیدا ئەمە ڕاستە، هەموومان دەزانین، کە قارەمانێتی و پاڵەوانێتی پشەمەرگە بە وێنەیە لەم خەبات و تەکۆشانەدا، بەڵام قسەمان لەسەر ئەوەیە، کە ئەم هەموو قارەمانێتی و پاڵاوێتیە، چونکە لە بیرکەی شۆرشگێڕیی و تیۆریایەکی شۆشگێڕیەوە نەهاتووە، بەڵکو تەنها وەک شۆ و دژایەتیەکی کورتبینانەو، بیرتەسکیی و بە بفکریەوە هاتووە، بۆیە لە حکومەتانیی ٢٧ ساڵەیاندا هەموو ئەم پاڵەوانێتی و قارەمانێتیی و داستانە بە وێنانە بوون بە ئامرازێک بە دەستکەوتی خە دەوڵەمەندکرد و هووتانەوەی خەڵک و بە هەدەردانی سەدان ملیار دۆلاری داهاتی کوردستان.

ئەم فیوداڵانەی کوردایەتی، چونکە لە سەرتاوە بە دوای دەستاتخوازیەوە بوون، بۆیە نەگەیشتوونەتە لە هیچ خیانەتکردنێک و هیچ فروفێڵ و زۆڵەتیەکی سیاسیی، کە خزمەتی دەسەڵات و درێژدان بە دەساتیان بکات. جگە لەوەی کە نەگەیشتوون لە جاشێتی ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەتی چۆسێنەری گەلی کورد، لە ناو خودی خۆشیاندا

دەیان شەو و پۆکدادانی خوێناویان بەرپا کردووە، لەسەر دەستەات و پست و پلەو پایەی سیاسیی و دزین و بە تاڵانبردنی سامان و داهاتی کوردستان، بە نموو لە ١/٥/١٩٩٤ تا ٨/٩/١٩٩٨ ئەو شەڕە خوێناوییەی، کە پەرایانکرد لە نەوان هێزە چەکدارەکانی پارتی و یەکێتیدا، لەسەر دزین و بەش بەشێنی داهاتی برایم خەلیل بوو، کە گەورەترین دهات و دەروازەی گومگرگی بوو لە جیهاندا، بە گوێرەی لێدوانی بەریتانیەکان لەو کاتەدا، ئەم شەڕە خەڵکییە، ٤ ساڵاو ٤ مانگ و ٧ رۆژی خایاند، هەر بە گاڵتە پێکردن، کەبەکە دروستبووبوو لە نەوان سەدام حسەین و ئێران و تورکیادا بە ناوبژیوانی ئەم دوو هێزە چەکدارە، تا لە دواجاردا وەزیری دەرەوەی ئەمریک (مادەین ئۆلبرایت) بەو پەڕی نابەدڵیەوە ڕێکیخستنەوە.

بە فکریی و نەخوێندەواریی و خەڵکەکتی و دەستەاتخوازیی ئەم فیوداڵانەی کوردایەتی، زەر جار پاشنەریان بووە بە پشابردن بە کۆنەپەرستترین بیریی ئیسلامی سیاسیی، لە پشناوی ئەوەی بەکاریان بهێنن دژی یەکتری، لە کاتێکدا کە بانگهشتی بیری ئازاد و دیومکراتییان دەکرد، لە هەمانکاتدا زیاتر لەوان تەبانی ئەو بیریان کردووە، کە پێی وایە، (ئەخلاق) کەشەی کورد وگاڵی کوردە، واتە وەک ئیسلامی سیاسیی بیری لە دەکاتەوە، نەبوونی مەراق و ئاکاری بەرزی خەڵکە، کەشەی بە گەل و نەتەوە دروستکردووە، کە پێچوانکەی راستە و ئەوەی مەراق و ئاکاری بەرز دروستدەکات، پەروەردەیکی هاوچەرخانە و شارشگەریە، ئەویش بە سیستەمکی سیاسیی دادپەروەرانە و یەکسانخواز و دیموکراتخواز دروستدەکرێت. واتە بارودۆخی سیاسیی و کۆمەڵایەتی بنەمای مەراق و ئاکاری مرۆقدۆستیە، نەک ئامۆژگاریە دینیەکان بە دروستکردنی مەراق و ئاکاری مرۆقدۆستانە. هەتا سیستەمکی سیاسیی و حوکمانکی دیموکراتییانە و دادپەروەرانە نەیێتە ئاراوە، نە پەروەدە، نە هیچ ئامۆژگاریەکی دینیی ناتوانێت بەها مرۆییەکان فەراهەم بکات. پەروەردەی دیومکراتیانە چ لە قوتابخانەکاندا، چ لە ناو خێزانەکاندا، چ لە ناو هەموو ئەرگانە سیاسیی و کۆمەڵایەتیەکاندا، دروست نابێت، بە بە حوکمانیەکی دیموکراتیانە.

جگە پشابردن بە فکری دواکەوتوویی و توندووتیژی ئیسلامی سیاسیی، پشایان بە دیماگۆگیەکی تری یەجگار بە مانای ریفراندم برد، کە گوایە، گاڵی کورد بە ئابووری سەربەخۆ و جیابوونەوە دەگات بە مافکانی خۆی، لە کاتێکدا هەتا هەموو گاڵی عەراق بە هەموو نەتەوە و دین و ئاینزاکانیەوە ئازادیەکی گشتی بە خۆیەوە نەبینێت، گاڵی

کورد و تەنانەت دین و ئاینزانکانیش ناگەن بە ئازادی و، ڕزگاریان نابێت لە چەوساندنەوە. نە دین، نە نەتەوە، نە تاک، نە ڕەگەز، نە چین، نە مرۆڤایەتی و ژینگە و ژینگەپارێزیی، ئازاد نابێت، تا بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئازاد نەبێت. دین کاتێک ئازاد دەبێت، کەسە دینی و کولتوورە دینیەکان کاتێک ئازاد دەبن، کە کەی کۆمەڵ و کۆمەڵگا لە هەموو بوارەکانی ژیانیدا ئازاد بێت. ئەم ئازادیەش بە واتای خۆی، سەینەوەی عەقڵیەتی دەسەڵاتخوازییەکانی دین و ناسیونالستیی و نژادپەرستی و ڕەگەزپەرستیە، بەیە ئەم فیوداڵ نەتەوەپەرست و دینیانە هەمیشە دژی ئازادین و بەردەوام کار لەسەر درێژەپێدانی کولتووری دواکەوتووی کۆمەڵایەتی دەکەن.

جیهاد محەمەد/ کوردستان
٥/٥/٢٠١٨